کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 12:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لاوک و مەلۆتکە و شیعر... سەردار کاک محەمەد عەبدولکەریم

بۆ 18-11 ی هەموو ساڵێک کە ڕەنجبەری شاعیر تیایا شەهید بوو... کۆتایی مانگی 7 ی ساڵی 1977 بوو، کاتێک ئێمە حوکم دراین و بەرێکراین بۆ زحندانەکانی ئەبوو غرێب. پاش بەخێرهێنانێکی گەرم لە لایەن دەستەو دایەرەی بەشی حوکمە قورسەکان و دابەشکردنمان بەسەر ڕەدهەو قاوشەکان... ڕۆژی دووەم چووین بۆ گۆرەپانی گەورە بەلکو دۆستێ، خزمێ، ناسیاوێ بدۆزینەوە چونکە دەمانزانی زۆر دۆست و هەڤاڵ و برادەران پێش ئێمە لەو زیندانە گەورەیە هەواریان هەڵداوە... جا ئەوەی زیندانەکانی ئەبووغرێبی دیبێ دەزانێ دام و دەزگاکانی ڕژێم لەو سەردەمی چەندە بە زەبروزەنگ و تۆقێنەر بوون، چەندە رووخاو، دۆڕاو، کاسەلێس و ترسنۆک ببونە سیخورو پیاوی ڕژێم و ڕاپۆرت و ڕاپۆرتکاری پیشەیان بووە. دیارە دەزانرێ کەسێک لە ژیانیا ناو عەرەب و خوار کەرکوکی نەدیبێ، پاش ئەو هەموو لێدان و هەڵواسین و ئەشکەنجەو ئەو ژوورە تاریکانە ماوەیەکی دەوێ تا پەروباڵی دیتەوەو وەکو جووجکەی دەواجن زیندانی تازەهاتوو لە دوورا دەناسرێتەوە و دیارە گەر بە هیچ نەیناسیتەوە ڕەنگی پێستەی دیارە.



من و برادەرێکی تر پیاسەمان دەکرد لە پڕ لە دواوە گوێمان لە سەداو ئاوازی لاوکێک بوو وامان زانی ئەوە کوردێکەو بۆخۆی غەریبی هەتاوەو گۆرانی و لاوکان دەڵێ... بەلام کاتێک گوێمان تەواو بۆی شل کرد و زەینی خۆمان دایێ و تەواو هەست و نەستی خۆمان خستە سەر سەدای دەنگەکە، زانیمان ئەوانە ئێمە دەناسن و بە ئاوازی لاوک چاک و چۆنی لەگەل ئێمەدا دەکەن و خۆیان بە ئێمە دەناسێنن و داوامان لێ دەکەن ئێمەش بە هەمان شێواز وەلامیان بدەینەوەو هەر بەو سەدای لاوکە زۆر شتیان لەسەر شێوازی خۆپاراستن و چۆنیەتی خۆ گونجاندنیان لە زیندان فێرکردین، ئەو لاوکانە یەکەمین وانە بوو لە زیندان فێری بووین... کە ئەویش لە شەهید جەمیل ڕەنجبەرو و حاکم برایم (بلە یخ) فێربووین، دیارە ئەو دوو لاوک بێژە جەمیل ڕەنجبەرو حاکم برایم بون.

جا پیاو هەق بلێ شەهید جەمیل دەنگیشی خۆش بوو، .. بەلام بەخوا ئێمە دەنگێکی نەشازو ناخۆشمان هەبوو بە کەلکی منگە منگیش نەدەهات نەخوازەللا بۆ لاوک و حەیرانان. دوای ئەوە لەگەل شەهید ڕەنجبەر بە یەکتر شاد بووینەوە، وەکو خزم و ڕێکخستن بەرێز حاکم (برایم) ی پێ ناساندین و هەتا ئەوێ ڕۆژێ کە زیندانمان تەواو کرد هەر دۆست و مامۆستاو ڕێپیشاندەری ئێمە بوون. دوای سێ چوار مانگان کە بەشی حوکمە قورسەکان تژی ببوو لە خەلکی خۆمان، سووچێک، پەنایەک، جێگایەک، و کۆنە کۆگایەک و چوارلادیوارێک نەمابوو زیندانی تێنەئاخنرێ دام ودەزگاکان زۆر دەترسان لە هاتنی ئەو هەموو خەلکە سیاسیە کە کار بکاتە ڕەفتارو سلوکی ئەخلاقیاتی زیندانیەکانی تر، وەکو دز، پیاوکوژو ئەوانی تر. بۆیە ئێمەیان گواستەوە بۆ (موقوف عام) کە دواتر ناوی گۆرا بۆ بەشی حوکمە تایبەتەکان (الاحكام الخاصه) .

لەوێ ئێمە لەگەل شە هید جەمیل ڕەنجبەرو پیر داود حمد عیسا و فە رهاد مام ووسو کاوانی و ئە بوبە کر محمد عە لی (د. کارۆخ) و سە باح مام مولود (سەفەرداش) بووین واتە بە یەکەوە نانمان داخوارد... ئێوارانیش بەزمی گفت و گۆو بیر و ڕاگۆرینە وە و تاوتوێکردنی مەسەلە ئایدیاکان بوو... پیرداود عودێکی زۆر جوانی دروست کردبوو ئاوازی زۆر خۆشی بۆ دەچرین و فەرهاد کاوانی دەنگی زۆر خۆش بوو گەر ئێواران و دوای شێوان جارێکی تر چایەکەمان بۆ لێ بنابوایە ئەوە زۆر بە ناسکی و جوانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گۆرانیەکانی مەزهەری خالقی بۆ دەگۆتینەوە. شەهید جەمیل رەنجبەریش کاتێ ژانی شیعری دەهاتێ لێفە کەی بە سەر خۆی دادەداو ئەو ژوورەش کەس نەدەچووە لای تا سەعاتێ، دووان، سیان خۆی و شیعرێکی جوان و پاراو لەبن لێفە شرەکەی دەهاتنە دەرێ و دوای خوێندنەوەو وەرگرتنی ڕای برادەران لە سەری دەکرایە چوکلێتە نامەو لە نێو مەلۆتکەی هەروزی کچی شەهید دەپێچرایەوە و دەناردرایەوە کوردستان. دواتر شەهید گوازرایەوە بەشی (الاحکام الخفیفە) .

2007-11-12 هەولێر...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.